قائیمقامیەتی سلەمانی ئاماری مانگی ئازاری بڕاوکردەوە

ئەم دووشەمە، قائیمقامیەتی سلەمانی، ئاماری مانگی رابردووی لیژنە هاوبەشکانی بڕاوکردەوە و ئاماژەی پێکرد، " پسوڵەی سەرپێچی لە چەشتخانە و شوێنە گشتیارییەکاندا تەمارنەکراوە".

قائیمقامیەتی سلەمانی ئاماری کارو چالاکییەکانی بۆ مانگی ئازار بڕاوکردەوە کە تیایدا رایگەیاندووە، مانگی رابردوو لە چەشتخانە و شوێنە گشتیارییەکاندا هیچ پسوڵەیەکی سەرپێچی تەمارنەکراوە.

ئاوەشی خستووە، لیژنە هاوبەشکانی قائیمقامیەت زیاتر لە حەوت هەزار سەردانیان بۆ دوکان و بازاڕ و شوێنە گشتیەکان ئەنجامداوە، بەڵام بەهۆی پایەندبوونیان بەمەرجەکانی تەندروستیی لە چەشتخانەکان و شوێنە گەشتیاریەکاندا هیچ پسوڵەیەکی سەرپێچی تەمارنەکراوە.

ئاماژەی بۆشدا، لەمانگی رابردوودا ئاگاداری ئاراستەی 167 شوێن کراوەتەوە کە پابەندیی مەرج و رێنماییەکانی کارکردن ببن، هەروەها بەهۆی چەند بارەکردنەوەی سەرپێچی و

پابەندنەبوونیان بە بەڕێنماییەکانی کارکردنەوە، لە مانگی رابردوودا، لیژنەکان 18 شوێنیان داخستووە و شەش شوێنیشیان رووبەڕووی دادگا کردووەتەوە.